بەرژەوەندی تایبەتی تەسك، ئەمە بەرامبەر دەبێتەوە لەگەڵ ملكەچی هۆیەكانی راگەیاندن لەژینگەی تر بۆ چاودێری میری توندیان كەوتنە ژێر كپكردنی كۆمەڵایەتی، كە هۆیەكانی راگەیاندنی كردۆتە هۆیەك بۆ پروپاگەندەی سیاسی و كپكردنەوەی ئازادیی بیروڕا دەربڕین و رێگری لەگەیشتن لەزانیارییەكان بۆ خەڵك.

★ مافی دەسەڵاتداران لەرێكخستنی كاری هۆیەكانی راگەیاندن بۆ دەستەبەركردنی پاراستنی نهێنییە سەربازی و ئابورییەكان و ئاسایشی كۆمەڵگا، بەشێوەیەك یەكتربڕ نەبن لەگەڵ هەڵوێستە ئاشكرایەكان، مافی هاوڵاتی پاراستنی تایبەتییەكانی و نهێنییە كەسیەتەكانی و پاراستنی ئابڕوی لەناو زڕان و لێهاویشتن.

★ مافی كۆمەڵگا پاراستنی دابونەریتە پارێزراوەكان و مافی لەدەسكەوتنی راگەیاندنێكی بێلایەن و دادپەروەر لەهەڵقولانی زانیارییەكان.

دەركەوت وەك سەرۆكی فیدراڵی نێونەتەوەیی رۆژنامەنووسان (ئاین وایت) وتی: ئەو هەڵچوون و كاردانەوانەی كە دوا بەدوای بلاوكردنەوەی وێنە كاریكاتێرییەكان لەرۆژنامەكانی دانمارك و رۆژئاوا كەوا لێكدرایەوە كە خراپەكردنە بەپێغەمبەر محمد (د.خ)، ئەو گرنگییە دوورەی بۆ زانینی سنووری ئازادیی رادەربڕین و پابەندبوون هەیە بەبەڵێنی شەرەفی نێودەوڵەتی بۆ ئازادیی رادەربڕین بۆ دەستەبەركردنی تێگەیشتنی شارستانی لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا و هاوسەنگی لەنێوان ئازادیی رادەربڕین و سنوور نەشكاندنی تایبەتمەندییەكان.



## پرسیار و ئامانجەكانی توێژینەوەكە:

مەبەست لەتوێژینەوەكە بۆ وەلامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەكانە، كە وابەستەن لەناواخنی جێبەجێكردنی راگەیاندن، كە ئەمەیە:-

ئەو سەرچاوانە بنەڕەتییانە چین، كە گەلالەنامەكانی رەفتارە ئاكارییەكانی لێ دروستدەكرێت یان ئەوەی ناودەبرێ بەبەڵێنەكانی شەرەفی راگەیاندن.

ئایا یاسای ئاكاری جێگر هەیە بۆ رەفتاری پیشەیی، كە بشێت لەهەموو كات و شوێنێك ؟ ئەو دابەشبوونە هاوبەشانە بۆ گەلاڵەنامە رەفتارییەكانی راگەیاندن، كە پشتیان پێدەبەسترێت لەجیهاندا چین؟ هەڵوێستە بنەڕەتییەكانی بەڵێنی شەرەفی عەرەبی و عێراقی چین؟

## بوارەكانی لێكۆڵینەوەی ئاكارەكانی كاری راگەیاندن:

بوارە زانستییەكان فراوان دەبن بۆ لێكۆڵینەوەی ئاكارەكانی كاری راگەیاندن، لەبەر زۆر هۆ: یەكەمیان گرفتی ئاكارییەكان بەچەمكە جیاوازەكانییەوە (زمانەوانی، فەلسەفی، كۆمەڵایەتی، رامیاری، راگەیاندن) ، كە بەژێرخانی تیۆرەكان و گەلاڵەنامە ئاكادمیەكان دادەنرێت بۆ كاری راگەیاندن، كە هەڵچووێنەری جیاوازی و گفتوگۆی لەدێر زەمانەوە رەهەندی تیۆری و جێبەجێكردن لەهەموو كێڵگەكاندا، كە لەژێر لێكۆڵینەوە و



شیكاركردندا بوون، بەتایبەتی لەفەلسەفە و زانیاری كۆمەڵناسی و زانیاری و بەیەكگەیشتن لەقۆناغە كۆتاییەكانیدا ، رەنگە ئەوەی كە ناوزەندی دەكەین بە(سێگۆشەی زانیاری بۆ لێكۆڵینەوە ئاكارەكانی راگەیاندن كێڵگە لێكۆڵینەوە بتەرەتیەكانمان بۆ روون دەكاتەوە بۆ ئەم زانستە زیندوە كە لەبنەرەتەوە دەردەچێت بۆ لێكۆڵینەوە رەهەندە سیانیە، گرێ دراوە تەواوكەری یەكتریەكان و راستەوخۆ كار دەكات لەدروست بوونی بیری راگەیاندن و دێتە نێوانەوە لەتوانای قوڵ كردنەوەیان داپۆشینی دەستەبەریەكانی ئازادیی رادەربڕین بۆ مرۆڤ بەتایبەتی لەرێگای هۆیە ڕاگەیاندنە زانراوەكانەوە. و ئەم پێكهاتە بنەرەتیانە بۆ ئازادی رادەربڕین ئەم سێگۆشە بەڕوونی دەكاتەوە):

**١-یاساو رێساكان گەلاڵەنامەكان و بەڵێن نامەكان و رێككەوتنە نێودەوڵەتیەكان لەبارەی مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین.**

**٢-رێزمان و تەكنیكە پیشەیەكان**

**٣- رێزمانە ئاكاریو ڕەوشتیەكان**

## ئازادی رادەربرین بۆ بەڵێنەكانی شەرەفی پیشەیی

### هۆیەكانی ڕادەربڕین:

وردبونەوە لەم سێگۆشەیە بۆمان دەردەخات كە جێبەجێكردنی ئازادی رادەربڕین لەرێگای هۆیەكانی ڕاگەیاندن راستەوخۆ گرێ دراوە بەسێ سەرچاوەی بنەڕەتییەوە كاردەكات لەهەمان كات و بەیەكەوە دەیانەبەستێت بەشێوەیەكی چەلەخانێ وە ئەم



سەرچاوانە كە وێناو دیاری ئاستی كاری راگەیاندنمان بۆ دەكات ئەمەش:

**١-رێزمان و تەكنیكانی پیشەیی:**

بەكورتی ئەو توێژینەوەیە لەهەموو ئەوانەی كە دەبەسترێتەوە بەكرداری بەیەكگەیشتنو كۆڵەكە بنەڕەتیەكانی لەنێرەرو وەرگر، و نامەو كەناڵەكانی بەیەكگەیشتنو كەشی و ژینگەی بەیەكگەیشتن، و ئەم كۆڵەكانە یان پێكهاتانە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بەئازادی ڕادەربڕین، بۆ نموونە.. سروشتی خاوەنداری هۆیەكانی راگەیاندن و پەستانە ئابووریەكان یان رۆشنبیریە كارتێكەرەكان لەسەر هەڵساو بەكاری بەیەكگەیشتن (نێرەر) كار لەسروشتی ئەو ئازادیە كە هەیەو كار لەسەر سروشتی نامە راگەیاندنەكان و رێگای مامەلەكردن لەگەڵ خەڵك.

نامەكانی راگەیاندن (هەواڵەكان، یان ستونی راكان بۆ نموونە) رێگاكانی داڕشتنیان پەیوەستە بەئازادی ڕادەربڕین كە هەیەو ملكەچی یاساو رێسا باوەكانیشە لەكۆمەڵگاداو وە پەیوەندی توندی هەیە بەچەمكەكانی ئاكارییەوەو بەڵێننامەی شەرەفو چەمكی رەوشتی كە هەڵساوە بەیەكگەیشتن بنیاتی دەنێت یان دامەزراوە راگەیاندنییەكان، و هەروەها چەندێتی شیاوی كارامەی كەنوسەر بەرەو رووی دەبێ دژە كرداری راستەوخۆی هەیە لەسەر چەندێتی جێبەجێ كردنی ئازادی رادەربڕینو فراوان كردنی ئەم ئازادیە بەبەرزبونەوەی توانای مرۆی و تەكنیكیەكانی بەیەك گەیشتنو تازەترین لێكۆڵینەوەی گۆڕەپانی دەربارەی